# ئاسمانی عیراق دۆزەخی فڕۆکەکانی خومەینی یە



لە دوای ئەوەی کە هێزە چەکدارە لە نەبەزەکانمان مەخفەرو سەنگەرەکانی سوپای ئەم مرۆڤە دواکەوتوەتێک شکاندو ئوردوگاکانی بەکلەدوای یەك لەبەردەم تۆپو بۆردومانی سوپاکەمان چۆڵکرانو بەشێکی زۆر لەچەكو جبەخانەو سەربازەکانی کەوتنە دەست هێزەکانمانەوە.. عمامەکەی لەسەری فڕیوکەوتە لنگەرفرتێو ئارامی نەماو فەرمانی دایە هێزە ئاسمانییەکانی بۆ بۆمباباران کردنی شارو دەزگا ئابووریەکانی عیراق بەوهیوایەی کە ورەی هێزەچەکدارەکانمان کەم دەبێتەو ئەو هەموو شارەی کە لەئێرانی داگیرکرد بەجێ دێڵێو بەرەودواوە دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەم خەیاڵەی عەمامە بەسەرو داروودەستەکەی خەیاڵێکی خاو بوو چونکە ئاسمانی عیراق بوو بەدۆزەخو هەر فڕوکەیەکی خومەینی کە دەگەیشتە ئاسمانی وولات دەورو پشتی ئەگرا بەئاگرو لە روایشدا ناچار دەبوو وەکو پەروانە چۆن بەرەو رووناکی دەکوێتو دەسووتێت فڕۆکەوانەکانیش ئەئەوا خۆیان دەکوتایە ناو ئاگرەکەو لە دوایش وەکو پەروانە لەدەوری شەمعەدا دەسووتانو بێ ئەوەی فەرمایشەکانی عەمامە بەسەر بەجێ بێنن دەبوونە خەڵوز.

سوپای نەبوردو نەبەزی عیراق دلێرانە کەوتوتە لێدانی سوپا ترسنۆکەکەی خومەینیو داروودوستەکەیو رۆژبەرۆژ بەدەیا فڕۆکەو تانك تێك دەشکێنێتو بەسەدەها سەربازی لەناو سەنگەرو لە سەر تانکەکانیدا بەدیل دەگرێ. ئەم هەموو سەرکەوتنو دەسکەوتانەی سوپاکەمان ئەفسانەی ئایەتوڵاهەکانی ئێرانو خەیاڵە خاوەکانیان پووچەڵ کرد کە لە هۆسەو ووتارە درۆزنەکانیان گەلانی ئیرانیان هەڵخەلەتاندبوو فریودابوو کە هەردوو سێ مانگەو هەموو وولاتانی دراوسێمان (انقلابی ئیسلامیان) تێدا روو دەداتو ئاڵای ئیسلامەتی خومەینی تێدا دەشەکێتەوە.

عەمامە بەسەر نازانێ ئەو عەقڵە کۆنەی کەبەکاری دەهێنێو داروودەستەکەی شاباشی بۆ دەکەن گەلی مەزنی عیراق بەفلسێك نایکرێو باوەڕەی بەگەڕانەوە بەرەوردواوەنییە.

هەربژی هێزە چەکدارەکانمان..
هەربژی گەل..
هەربژی سەرکردە.



# قەڵای شێران

بەگژی سوپای عیراقدا دەچن
لە خەیاڵیاندا دەرهەقی دەبن
سوپای عیراقیش ئاڵای ناوەوێ
خاك دەپارێزێ هەر سەر دەکەوێ

● × ●

خومەینی هاتووە عمامە لە سەر
لە لای ئاغەکەی سەری هێنا دەر
پەردەی ڕوو ڕەشی خێرا هەڵماڵی
بەناوی ئاێین داویانە باڵی
شەڕو کوشتاری خستە کوردستان
هێرشی بردە سەر عەرەبستان
پیلانەکانی دبارو ئاشکران
گشت شانۆگەرین وا پێشکەش کران
بەڵام خەیاڵی خلیجكو خاوە
بۆی ناچێتە سەر هەتاکو ماوە

● × ●

عیراقی نەبەرد قەڵای شێرانە
لەناو جیهاندا جێی تێکۆشانە
سوپای پاڵەوان لە سەر سنوورە
لەسەر مانی گەل هەمیشە سوورە
هەرگیزاو هەرگیز ڕێ بەدوژمن نادات
پێ بە زەمینی خاونیان بنات
چونکە بەیمانی پیرۆزی داوە
بەجێی دەهێنێ ،هەنگاوی ناوە
هەتا هەتایە ئاڵای نانەوێ
بۆ سەربەزیی خاك هەر سەر دەکەوێ

شۆڕشی ئێمە ، حەڤدەی تەمووزە
لە شۆڕشەکاندا تاكو پیرۆزە
فەرماندەی شۆڕش کاکە صەدامە
هەر ئەو شایستەی جێگاو مەقامە
بۆ گەلی عیراق رووناکیی چاوە
لە ناخماندایە هێزی هەناوە
بەدڵو بەگیان زۆرمان خۆش دەوێ
ئاڵای شەکاوەی هەر سەر دەکەوێ

● × ●

ئێستا ڕژێمی تاران دەکۆشێ
شەڕ بە عیراقی نەبەز بفرۆشێ
نازانی سوپای عیراق پۆڵایە
ئەو لەسەنگەردا دەرهەقی نایە
ئاڵای نیشتمان وا دەپارێزێ
لە تێکۆشاندایە بەهەموو هێزێ
دوژمنی خاکی سەرنگوم دەکات
لە ڕەگ وڕیشە لە ناوی دەبات
لە رووکەی دەریاو زەمینو ئاسمان
لە خەباتدایە هەر بەبێ ووچان

● × ●

ئەوانەی ئێران بەڕێوە دەبەن
بەگفتو قسەی ئەمریکا دەکەن
لە خومەینییەوە تا بەنی سەدر
بێناسی ڕەشیان وەها کەوتە دەر
پیاوی ئەمریکان لە ئێران دەژین
خەریکی شەڕو ئاژاوە چێتین

شیعری : مکرم رشید تالەبانی

# لە مهاباد



هو شترینی !
ئە دڤێتن بەحسی جیهانا ئەڤرۆکە
بوتە بکەم ..
کا چ دەرچوو
بەحسی مودێلێت نوی بکەم ..
وەدیارە تو نزانی !
من هاژ ڤان گوتنا نینە
وەرە .وەرە . بوتە بێژم ..
کا چەند زارۆ
لە مهابادێ دئێنە کوژتن ؟!
کا چەند سێدارە ل طهرانێ
دئێت دانانو
چەند مرۆڤ دئێن هلاویستن ؟
کا چەند گوندێت تژی هەژار
هەرو دئێنە
ڤەبراندنو وێرانکرن ؟!..
ئەرێ .. ئەرێ. .ئەز ڤان دزانم
لەوان خەم خورێ هەمانم ..
لێ من ل بەرە ..
خو گەڕا ژبو پەڕیستنێ ،
ئەز بکەمە مزگەفتو دێر ..
هەمی گوندێت وێرانکری ،
بکەم باژێر ...
بکەم باژێر ...

خلیل محمد دهۆکی

بۆ خەباتی رەوای گەلانی ئێران دژی خومەینی رەگەزپەرست

# کە بیر لە ئێوە دەکەمەوە



مرۆڤ پیرۆزەو زەویش گەلێ فراوانە
هەزار هێندەی مرۆڤایەتی مرۆڤ لەسەر زەوی بژین
هێشتا زەوی فراوانە ..

● × ●

وەك شەمەندەفەر ، بە بەر چاوما تێدەپەڕن
خەمی خەڵکتان لە کۆڵدایە ، هەنگاودەنێن ماندو نابن
هەر دەڕۆنو بیر لە ئاسمان دەکەنەوە
هەر دەڕۆنو بیر لە زەوی دەکەنەوە
چەندە یەکتریان خۆشدەوێ
ئاوا یەکتریش ئازاردەدەن
هەر دەڕۆنو لە هیچ شوێنێك ڕاناوەستن
کۆڵەکەتان گرانتربوەو لە جارانیش گەورەترن

● × ●

کە بیر لە ئێوە دەکەمەوە
گوێم لەچرپەی پێتان دەبێ سوکەڵانە ڕێدەکەن
واهەستدەکەم عاشقێکی بەوەفانو
لەناو عەشقا دەسوتێنو دەژێینەوە
تا ... ئەوەندە عاشقن بە قەد هەموو ئەم دنیایە
خەمو عەشقی ڕێبوارانتان لەکۆڵدایە
جێ ژوانگەتان لەگەڵ هەموو برسییەکاندا
بۆیەی جیایەو کەپێك دەگەن
لەسەر بەفرا یاری لەگەڵ هەتاو دەکەن
کەپێك دەگەن ، هەزارەها مەمو زین یش
لە وولاتی عیشقو بەفر بەیەك دەگەن
ئێوە دەزانن مرۆڤ پیرۆزەو زەویش گەلێ فراوانە
هەزار هێندەی مرۆڤایەتی مرۆڤ لەسەر زەوی بژێ
هێشتا زەوی فراوانە .

رزگار شێخانی



# چەند وێنەیەك لە گەشتەكەی سەرۆكی فەرماندە صدام حسین بە گەڕەكەكانی شاری بەغدادا





## ریشی خومەینی بوو بە پەتی سێدارەی خنكاندنی سەربەستی



● ئەی رۆڵەكانی گەلانی ئێران ..

دایكەكانی شەهیدانی مەهابادو ... ورمێو شەقامەكانی تاران ... چەند كارەساتێكی پڕ ئێش‌و ئازارە ، ئەو خوێنەی رۆڵەكانتان بۆ روخاندنی شای ئێران رشتی ، ئەنجامی بەوە بشكێتەوە ، عەقڵ بەردینێكی دواكەوتووی كۆنە پەرستی وەك خومەینی لە سایەیدا ببێ بە حوكمڕاو هێنتیا ، شەهیدەكان ، چاویان لێك نەنابوو ... ئەو بەریشی كۆنە پەرستی كەوتە خنكاندنی زیندوەكان .. .

● خوێن رشتنی مەهابادو سەقزو

مەریوان‌و عەرەبستان لە بیری كێ دەچێتەوە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە ...

كەواتە ... ئەمڕۆ رۆژتانە ، راپەڕن‌و لە هەركوێیەك بۆتان دەكرێ لەو كۆنە پەرستە نامەردانە بدەن كەبە زۆرو بە عەقڵی دواكەوتوانەی شەڕ لەگەڵ هەموو باوەڕێكی پاك‌و ئازادیخوازیدا دەكات..

● ئەی رۆڵەكانی كوردستانی ئێران ..

تاقە رێگای بەردەم ئەمڕۆ ، بۆ باشە رۆژی بەختەوەری ئێوە ، مەردانە هاتنە دەستە بۆ لێدانی ئەو بنە كۆنە پەرستانەی ئەیانەوێ لەسەر قوربانیەكانی ئێوە ، پاشەبەتیەكی لە پاشایەتیەكەی حمە رەزا شا درندە تر دامەزرێنن ...

گەلی عیراق ، بە كوردو عەرەب‌و كەمایەتیەكانیەوە ، دۆستی بەوەفای ئێوەن ، دوژمنی ئەو حوكمدارە رەگەزپەرستانەی تاران كە بەزۆر خۆیان بە سەرتانا سەپاندوە ریشی «خومەینی» بوو بە پەتی سێدارەی خنكاندنی سەربەستی ئێوە ... كە واتە بێنە دەست‌و ئاوانی سەركەوتنتان بۆ دەخوازین‌و بۆ پێشەوە ...

## بەڵێ شەڕە بەڵام

● ئەوا شەڕە ، شەڕ لەگەڵ گەلانی ئێران نەە، لەگەڵ ئەو تێكۆشەرە فارسیە نەە ، كە زیندانەكانی شا نەیتوانی ورەی نیشتمان پەروەری‌و رێی تێكۆشانی سەر بەئاوات‌و خواستەكانی گەلی لێ بگری ، لەگەڵ ئەو كوردە مەردە نەە كە سێدارەكانی مەهابادی كردوە بە مەشخەڵی رێگای خەباتی پاشەرۆژی. لەگەڵ ئەو عەرەبە نەە كە رەگەز پەرستەكان دان بە بونیا لەئێراندا نانێن‌و بەڵام ئەوان هەر ماون ، ئەم شەڕ لەگەڵ دەستەیەكی «جاهل»‌و «گەمژە»ی كۆنەپەرستا دەكەین‌و ئەم شەڕەشمان رەوایەو رێگای خەباتی گەلانی ئێران ئاسان دەكا ..



### بۆ ئێرانی خوێن‌و قوربانی

## شاهید

كوشتیان ...
-با- هات‌و بەدلەكەی ،
لەبەر داكەند
باران : شتی .
رووبار : بردی .
باخچە : ناشتی .
لەماڵەوە ، كە بەدلەكەیان هەڵواسیی ،
-خەم-ە وردیلەكان ، دەستیان ،
بەگیر فانە كاندا گێڕا ..
گیرفانی یەكەم ... پێی‌وتن :
ئەوە .. پێنج شەش ،
« تمەن »ی ئەمڕۆی خوێن مژراو ..
گیرفانی دووەم ... پێی وتن :
ئەوە .. قولێ ،
جگەرەی قامیشی كوردیی
گیرفانی سێیەم ، قیژاندی‌و،
وتی ئەوەش :
دوا وێنەی پەتی سێدارەو ،
ملی « قازیی » ..

شێركۆ بێكەس



## بڵند

تۆ ، ئەو وڵاتەی ، چۆك دانادەیت‌و رووبارێكی بەتەوژمی ...
رەوتی هەڵچوونت ، درێ بە شەو ئەداو سەرچاوەكەت پاكە ..
رەوی هەنگاوو رێگاكەت .. عەشقی خۆرێكی روونا كە..، رووبارێكی، سەرەڕۆ نارۆی.. سەر بلندی ، خۆر ماچ ئەكەی .. ، ئەی وڵاتی عەشقی ئەزەلی خۆرو خاك‌و ئینسان ، رەوتی ، تەوژمی رووباری سەرچاوەی پیرۆزی ژیان .. چەندان شەوە زەنگی خنكانە

عبدالله عباس



